# حاجی عەبدوڵڵای گەرمیانو 69 ساڵ ئێسك گرتنەوە



خەلیل عەبدوڵلا حاجی مەحمود

**نۆشداریی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا زۆرە، یەکیك لەوانە ئێسکگرتنەوەیە کە ئەرکێکی گرنگ و شارەزایی و ئەزموونێکی زۆری گەرەکە.. لە کوردستانیشدا گەلێك کەس هەن خەڵکێکی زۆریان لە شکست و ئازار رزگارکردووە.**

**لە بەسەرکردنەوەی یەکێك لەو شارەزایانەدا، چاومان بە ئێسکگرەوەیەکی هەڵکەوتوو کەوت کە خاوەنی خزمەتێکی زۆرە. لە حاجی عەبدوڵڵای گەرمیانمان پرسی:**

***مامە حاجی حەز دەکەین خۆت بە خوێنەران بناسێنیت؟**

–ناوم عەبدوڵلای حسێن پیرەویسە لە هۆزی جاف عەشیرەتی (وەڵی)، ساڵی 1912ی زاینی لە جافایەتی هاتوومەتە دنیاوە لە گوندی کەڵەشێرتەپەی ناوچەی زەنگابادی گەرمیان دوو ساڵ پێش گرانیە گەورەکە، ئێستا لە گوندی تازەدێ ی گەرمیان نیشتەجێم، لە ڕێکەوتی (1979/10/15)دا رۆیشتم بۆ زیارەتی ماڵی خوا.

***باسێکی گرانییە گەورەکەمان بۆ بگێڕەوە؟**

–لە گرانییەکەدا تەمەنم چوار پێنج ساڵ بووە، لە ناوچەی خۆمان لە (گلاڵ کەوە) چەمی ئەسحاو مێیەك مرداربۆوە لەبەر نەبوونی خۆراك، لە بیرم دێ سێ کەس هاتن پەل پەلیان کردو خواردیان، هەروەها ماینێك تۆپی بوو خەڵك هاتن بەش بەشیان کرد هەرکەس بۆخۆی.

هەروەها کاتیك ئاژەلیکیان سەر ببریایە خوینەکەیان دەکردە کاسەیەکەوەو دەیان کولاندو دەیان خوارد.

***مامە حاجی کەس هەبوو لەو رۆژە سەختەدا دەولەمەند بیتو یارمەتی هەژاران بدات ؟**

–بەلی ئەلماس پەخەو حاجی مەحمود زۆر دەولەمەند بوون.. هەموو رۆژیك رانەکانی خۆیانیان دەدۆشیو وەکو قوسعەی عەسکەری خەلك دەهاتن و ریزیان دەبەست، هەرکەس دەورییەك شیریان دەدایە، ئەوەشی دەمایەوە ئیوارە دەیانکردە دۆخەواوو بەشیان دەکردەوە بەسەر هەژارەکاندا.

***مامە حاجی، پیشەی ئیسکگرتنەوە لە کیوە فیربوویت؟**

–لە کەسەوە فیرنەبووم بە هەوڵو ئارەزووی خۆم فیربووم تا لە دواییدا سەرکەوتنم بەدەستهینا، بەلاّم حاجی محەمەد حەسەن کە ئامۆزامە زۆر یارمەتی داوم.

***چەند جۆر شکستە دەگریتەوە؟**

–هەموو جۆرە شکستەیەك دەگرمەوە وەك دەست، قاچ، پەراسوو، مل، کۆلۆك، پشت بەخوا چاك دەبیتەوە، بەلاّم کەسیك کە دەماری فەقەراتی (پشت)ی پیچرابیت ئەوە ناتوانم.

***لە گرتنەوەی ئیسکی ئاژەلیشدا شارەزاییتان هەیە؟**

–بەلی، بۆ نموونە براعەرەبەکان کە بۆ خوێ فرۆشتن دەهاتن بۆ ناوچەکەمان. جاریك رانی حوشتریکم گرتەوە بۆیان، هەروەها گامیشو ماینو بەرخو ئاسكو بزن.

***مامە حاجی لە کارەکانتدا چی بەکار دەهینیت؟**

–ئەو شتانەی بەکاریان دینم وەك قیرو زفت، تەتەی قامیش، بەنو خام بۆ پیچاندن هەر وەها هیلکەو ماسی بەکاردینم، دەرمانی تایبەتیشم هەیە بۆ زام.

***جگە لە دەرمانی کوردی چیتر بەکار دەهینی؟**

–هەر ئەم دەرمانانەی خۆم بەکاردینم، بەلاّم ئەگەر شکستەیەك هات بۆلام ئەشیعەی پیبوو یان دەرزی بەنجی پیبوو ئەوە کارەکەم بۆ ئاسان دەکات.

***مامە حاجی تۆ پیاویکی موسولمانی، کە ژنیك رانی دەشکێ چۆن دەیگریتەوە لەکاتیکدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام ریگەی ئەمەت نادات؟**

–من هەموو ژنیك بە دایكو خوشکی خۆم دەزانم و پرسی مەلا گەورەکانم کردووە وەك مامۆستای پایەبەرز مەلا کەریمی بیارە، هەروەها مەلا قادری سۆفیو مەلا سالح قلاّتەوزان، وتیان دەینی وەئەستۆی ئێمە تۆ با دڵت نەگۆرێو ئەم خزمەتە کەم وینەیەی خۆت بکەو کۆلی لیمەدە.

***پارەت لە کەس سەندووە؟**

–نەخیر. لە کارەکەمدا مەبەستم پارە نەبووە تەنها مەبەستم خیربووە لە راهی خوا، کەسیشم جواب نەداوە هەتا ئەمرۆ، هەر کەسیکیش پارەی دانابیت بە ئارەزووی خۆی داویەتی.

***مامە حاجی تۆ عومریکی زۆرت کردووەو هەر تەمەندریژ بیت.. چیت بە بیردێ هەتا ئەمرۆی حکومەتی هەریمی کوردستان؟**

–حکومەتی تورکم وەبیردێ، ئینجا دوای تورك ئینگلیز هات هەروەکو یەك بوون بەرامبەر میللەتی کورد، ئینگلیز فەیسەلی یەکەمی کردە پاشای عیراق لە سالی 1921ی زاینی، دوای ئەو مەلیك غازی هات، ئینجا عەبدوللاّ، دوای ئەو مەلیکە بچکۆل، دوای ئەویش عەبدلکریم و عەبدولسەلام عارفو عەبدولرەحمان عارفو ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام حسین.. هەموویان رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر بوون بۆ کورد، ئیستا لەسایەی حکومەتی هەریمی کوردستانەوەو خوینی سەربەرزی شەهیدان

گەیشتووینەتە ئازادی و ئاواتی خۆمان، حەقە لەسەر میللەتیش ڕێزی ئەم ئازادییە بگرێت و نەهێڵن جارێکی تر تێکدەرو خائین و زاڵم حوکمڕانیمان بکەن.. خوا هەموو لایەک سەرکەوتوو بکات.

***مامە حاجی ئێستا لەم ئاخری پیرییەدا هەست بەچی دەکەیت؟**

—ئێستا بێتاقەتم حەز دەکەم دایم کەسانی خزم و ڕۆشنبیرو قشەخۆش لەلام بن، چونکە بێهێزم و قاچم پەکی کەوتووە، نەخۆشی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر بەسەرمدا زاڵ دەبێت هەتا ئێستاش خەلکی شکستە هەر دێن بۆ لام، بەڵام هەمیشە سوپاسی خەلیلی عەبدوللای حاجی دەکەم کە هەموو جارێک سەردانم دەکات لە منداڵەکانی خۆم زیاتر، خوا سەرکەوتووی بکات.

***مامە حاجی چەند ساڵە خەریکی ئەم کارەیت؟**

—(69) ساڵە من تیماری شکستە دەکەم.

***وەکو یارمەتی شۆڕشی کورد چیت کردووە؟**

—زۆرجار لە شەڕەکانی پێشمەرگەو حکومەتدا، شکستەی پێشمەرگەریان بۆ هێناوم منیش بێگویدانە هیچ نارەحەتییەک یارمەتیم داون و بەریمکردوون، لە وەخت و ناوەختا خاوەن ماڵ نەبووم لە ئاستیان، یان ئەگەر پێشمەرگەیەک نەیتوانیبێ لەبەر زروف بێتە لام خۆم ڕۆیشتوم بۆ لای و چارە سەریم کردووە، هەروەها جارێکیان لە کاتی شۆڕشی شێخ مەحمودی مەلیک ئێمە ماڵمان لە مەریوان بوو لە خێلی ئەلماس پەخەو حاجی محەمەدا بوین (13) تەیارەی حکومەتی ئینگلیز هاتنە سەر هێزەکەی شێخ مەحمود لە شاخی هەرزەڵەو ملەکەوەی لای پێنجوێن، لەو شەڕەدا سوارێکی شێخ ەمحمود شەهید بوو چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون هاتنە شوێنی من منیش ڕۆیشتم دەست و قاچیانم گرتەوە.

***مامە حاجی جگە لە ناوچەی گەرمیان لە شوێنەکانی ترەوە دێن بۆ لات؟**

—بەڵێ لە بەسرەوە هەتا زاخۆ، پێنجوێن، سلێمانی کەرکوک و خانەقین و لە هەمو شوێنەکانی عیراقەوە خەڵک هاتوون، جاری واش بووە خۆم ڕۆیشتوم بۆ سەر شکستەکان.

***چەند نموونەیەک بێنەوە بۆمان کە لە ناو خەڵکدا هیوای چاک بوونەوەیان نەبووە؟**

—نمونەی یەکەم عومەری وەلی ئاغای جمور لە کەلار لە سەیارە وەرگەڕا ملی، لاربوو بۆ سەرشانی، بەر سنگی خۆی نەدەبینی، ماوەی یەک هەفتە هیچی نەخوارد، هاتنە شوێنی مندا پشت بە خوا چاکم کردەوە ئێستاش ماوە لە کەلارە مەمنونی ئێوەیە.

نموونەی دووەم: جارێک بردمیان بۆ پێنجوێن، کابرایەک هەردوو کولۆکی لە جێی خۆی دەرچوو بوو هیوای چاکبوونەوەی نەمابوو، کاتێ بینیم وتم هێستریکم بۆ بێنن دوو ڕۆژ ئاوی مەدەنێ بەڵام کاو جۆی زۆری بدەنێ، لە پاش دووو ڕۆژ کابرام سواری هێسترەکە کرد لە ژێر سکییەوە هەردوو قاچیم بەتووندی بەست بەیەکەوە، پاشان سێ و چوار قازانگی گەورە ئاومان هێناو هێسترەکە دەستی کرد بە ئاوخواردنەوە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی سکیدا پاڵەپەستۆی لەهەردوو کولۆکی کابرا دەکرد، بەمشێوەیە جومگەکانی کولۆکی هاتەوە جێگەی خۆی، کابراش زۆر سوپاسی ئێوەی کرد.

نمونەی سێیەم: برایمی حەمە ساڵح لە زەماوەنگە دەست و قاچ و پەراسو کولۆکی هەموو شکابوو چاکم کردووە.

***لە منداڵەکانت کەسیان فێری ئەم کارە بوون؟**

—محەمەدی کوڕم زۆر باشەو هیوادارم جێگەی خۆم بگرێتەوە، هەروەها حەمیدی کوڕەزایشم زۆر باشە.

***منیش هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم و نمونەت هەر زۆربێت ئیتر سوپاس.**

# ڕەحمان سەیدە تاڵەبانی:

## ئەوکاتەی نێچیرێك دەگرم، وادەزانم هەموو دنیا هی منە



**حەیدەر مەنتك**

(ڕەحمان ئیبراهیم حەمەد) ناسراو بە (ڕەحمان سەیدە) خەڵکی گوندی تاڵەبانی گەورەیە، ساڵی 1967 لە تەقتەق لە دایکبووە، پیاوێکی بە سەلیقەو قسەخۆشە، ڕاوکەرێکی بە ئەزموونی ناوچەکەیە، کردمانە میوانی پشووی کوردستانی نوێ و بە چەند پرسیارێك بەسەری بکەینەوە.

***سەرەتای ڕاوکردنت دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

—لە ساڵی 1982ەوە ڕاودەکەم و یەکەمین جاریش لەگەڵ ڕاوچی بەناوبانگ (محەمەد ئەسعەد تاڵەبانی) ڕاوی کەروێشکم کردووە.

***چ ئاژەڵێك ڕاودەکەی؟**

—تەنیا ڕاوی کەروێشك و ڕێوی دەکەم.

***کاتی ڕاوکردن هەست بەچی دەکەیت؟**

—ئەوکاتەی نێچیرێك دەگرم وا دەزانم هەموو دنیا هی منەو زۆر شادمان دەبم.

***ڕاو بۆ گۆشتی ئاژەڵەکە دەکەیت یان ئارەزووە؟**

*ڕاو تەنیا لای من بۆ خۆشییە نەوەك بۆ گۆشتی نێچیر.

***چی بۆ ڕاوکردن بەکاردەهێنیت؟**

—تەنیا بە تانجی و تووڵە ڕاو دەکەم، تانجی بۆ کەروێشك گرتن و تووڵەش بۆ ڕێوی.

***لە کاتی ڕاوکردندا هیچ کێشەیەکت بۆ دروست نەبووە؟**

—جارێکنێچیرێکم بەدی کردو تانجیم خستە دوای، هێندە ڕامکرد بە دوایدا لێرەو لەوێ، کاتێك تانجییەکە نیچیرەکەی گرت و من چووم سەری بڕم هێندە ماندووبووم نەگەیشتمە سەر نێچیرەکەو لە هۆش خۆم چووم و بووڕامەوە، کاتێکمزانی شەوم بەسەردا هاتووەو تانجییەکەش بە سەرمەوە وەستاوە.

***ئەی ئەگەر ڕاوچی نەبوویتایە چیتر دەبوویت؟**

—حەزم دەکرد باخەوان بوومایەو خزمەتی دارو درەختم بکردایە، چونکە سەوزاییم خۆشدەوێت و بۆیەش هۆگری دەشتم.

***دەتەوێ چی بە ڕاوکەران بڵێیت؟**

—پێیان دەڵێم تکایە ڕاو بۆ خۆشییە، بۆیە بە کلاشینکۆف و تاپڕ ڕاوی نێچیرنەکەن.

***بەسەرهاتێکی خۆشی ڕاومان بۆ بگێڕەوە ئەگەر هەتە؟**

—جارێکیان ویستم کونی ڕێوییەك فراوان بکەم تا تووڵە پێیدا بچێتە ژوورێ، کەچی خۆم لە ناو کونەکەدا عاسی بووم و کوڕەکەم قاچی ڕاکێشام، ئەو نەبووایە دەمردم.